زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر
کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان
قۆناغی دووەم – کۆرسی دووەم

# ئـەدەبــی منداڵان

## م. ی چیمەن همزه درویش

# 2. لەئینگلتەرا:

رۆبێرت سامپر کاتێ لەساڵی 1719 کۆمەڵە چیرۆکی دایکە قازەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی، ئەم وەرگێڕانە بووە هۆی دەرکەوتنی چیرۆکی منداڵان لەئینگلتەرا.

چیرۆکی (دانیال دیفۆ 1660-1730) بەناونیشانی (رۆبن کرۆسۆ) لەساڵی (1719) چاپکرا ئەویش سەرەتایەك بوو بۆ هونەری چیرۆکی لەئینگلتەرا، ئەم چیرۆکە باس لەگەنجێك دەکات دەکەوێتە دورگەیەکەوە.

دوای ئەوان (جۆن نیوبری) رۆڵێکی زۆر باشی بینی لەپەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵان، یەکەم کتێبخانەی دامەزراند کەوا تایبەت بوو بەمنداڵان ئەمە بووە هاندەر بۆ نووسەران لەدانانی چیرۆك کەخۆشی و ئاراستەکردنی تێدابێت لەیەك کاتدا، هەروەها هانی نووسەرانیدا بۆ ئاسانکردنی ئەوەی بۆ گەوران نووسراوە و کورتکردنەوە و ئاراستەکردنی بۆ منداڵان.

لەساڵی 1744 کتێبی (گیرفانی بچووکی نایابی ) بڵاوکردەوە لەکۆمەڵە ئەفسانەیەك و چەند شیعری کراو بەگۆرانی پێکهاتووە.

لەساڵی 1865 کۆمەڵێك چیرۆکی تایبەت بەمنداڵان لەئینگلتەرا دەرکەوت بەناوی ( ئەلیس لەوڵاتی سەیرو سەمەرەکان ) لەلایەن نوسەری بەناوبانگ ( لویس کارول ).





# ئەدەبی منداڵان لەوڵاتە عەرەبیەکان

لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام چیرۆکی ئایینی هاتەکایەوە ، هەندێ لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆز رۆڵێکی گرنگیان دەبینی لەرێنماییکردن و ئامۆژگاری منداڵان وەك چیرۆکی ( ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی لوقمان بۆ کورەکەی، ... ).

دوای ئەوە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان سوودیان لەچیرۆکەکانی ناو قورئانی پیرۆز وەرگرت بۆ دارشتنی چیرۆك بەپێی قۆناغی گەشەی ژیری منداڵ وەك: ( سەگی پیاوانی ئەشکەوت، مێروولە، فیل، پەپۆی سولێمان، ... )

دەتوانین بڵێین یەکەم وڵاتی عەرەبی کەئەدەبی منداڵانی تێدا دەرکەوت میسر بوو ئەویش ( رفاعة رافع الطهطاوي ) بوو لەساڵی 1875 ئەویش بەهۆی نزیکی لەفەرەنسا بوو و کاریگەری ئەدەبی فەرەنسا بەسەریەوە بوو کەکتێبێکی دەرکرد بەناوی ( چیرۆکی منداڵان ).

دوای ئەوە **احمد شوقی** كاتێ لەفەرەنسا ژیاوە بەهەمان شێوە كاریگەری ئەدەبی فەرەنسی بەسەریەوە بوو و چەند چیرۆكێكی لەسەر زاری ئاژەڵ و باڵندە نووسی لەوانەش ( راوچی و چۆلەكە، بولبول، ... )

هەندێ لەنووسەران نووسەری میسری ( **كامل گەیلانی** ) بەباوكی چیرۆكی منداڵان لەوڵاتانی عەرەبی دادەنێن ، كۆمەڵە چیرۆكێكی پێشكەش بەمنداڵان كردووە وەك ( چیرۆكی باخچەی منداڵان ، چیرۆكەكانی مەلای مەشوور، ئەفسانەكانی ئاژەڵان، ئەفسانە ئەفریقیەكان، چیرۆكەكانی هەزار و یەك شەوە، ... ).

# ئەدەبی منداڵان لەعیراق:

لەعیراق کۆمەڵێك رۆژنامەی تایبەت بەئەدەبی منداڵان دەرچوون، لەوانە رۆژنامەی ( التلميذ العراقي ) لەساڵی 1923، هەروەها رۆژنامەی ( التلميذ ) لەساڵی 1929 و گۆڤاری ( الطلبة ) 1932 و گۆڤاری ( الفتوة ) لەساڵی 1945.

ئەدەبی منداڵان بەشێوەیەکی راستەقینە دەرکەوت لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم لەکاتی دەرچوونی گۆڤاری ( مجلتي ) لەساڵی 1969 ، دوای ئەوە بەساڵێك رۆژنامەی ( المزمار ) دەرچوو ، ئەمە بووە هۆکار بۆ ئەوەی نووسەران بۆ لای خۆی رابکێشی و نووسینەکانیان تێدا بڵاوبکەنەوە.


المزمار
حدث في عام ٢١٨٠


مجلتي